# کۆچی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**موحەممەد ئیدریس**

پێداچوونەوەی: **پشتیوان صابر عزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# هجرة الرسول صلى الله عليه وسلم إلى المدينة

« باللغة الكردية »

**محمد إدريس**

**مراجعة** : بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# کۆچی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) بۆ مەدینە

## سەرەتای کۆچکردن

پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە مەدینە، پێغەمبەر( صلى الله علیەو سلم) هاوەڵانی لە مەککە کۆکردەوەو فرمانی بە کۆچکردن بەرەو مەدینە پێکردن ، بەم پێیە مسوڵمانەکان بۆ ئەوەی قورەیشییەکان پێیان نەزانن و رێیان لێنەگرن و ئەوەندەی تر ئازاریان نەدەن بە نهێنی یەك یەك و دوو دوو دەستیان بە کۆچکردن کرد، بەو شێوەیەش زۆربەی مسوڵمانان کۆچیان کرد و ژمارەیەکی کەم لە هاوەڵان لە مەککە مانەوە.

دوای کۆچی هاوەڵان پێغەمبەر( صلى الله علیەو سلم) ماوەیەك لە مەدینە مایەوەو چاوەڕوانی دەکرد تا خوای گەورە مۆڵەتی کۆچکردنی بدات.

ئەو مسوڵمانانەش کە لەگەڵ پێغەمبەردا ( صلى الله علیەو سلم) مانەوەو کۆچیان نەکرد هەموویان لەلایەن قورەیشەوە چەوسێنرانەوەو ئەشکەنجەدران تەنها (ئەبوبەکرو عەلی) نەبێ.

ئەبوبەکریش( خوا لێی رازیبێ) زۆر جار مۆڵەتی بۆ کۆچکردن دەخواست، پێغەمبەریش( صلى الله علیەو سلم) پێی دەوت: پەلە مەکە بەڵکوو خوا هاوەڵێکت بۆ بنێرێ. ئەبوبەکریش بەم قسەیە

دڵخۆش بوو، تێگەیی کە مەبەستی خۆیەتی، بۆیە ئەبووبەکر هەستا بە کڕینی دوو وشترو بۆ ماوەی ٤ مانگ دایبەستن و ئامادەی کردن بۆ کۆچکردن.

## لە ماڵی ئەبوبەکردا

خاتوو عائیشە( خوا لێی رازیبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا( صلی اللە علیە وسلم) رۆژ نەبوو جارێك نەیەتە ماڵی ئەبوبەکر ـ ئێوارە یان بەیانی ـ ، هەتا ئەو رۆژەی خوای گەورە مۆڵەتی پێغەمبەریدا بەرەو مەدینە کۆچ بکات، پێغەمبەر( صلی اللە علیەو سلم) ئەو رۆژە لە گەرمای نیوەڕۆدا هات کە هەرگیز لەوکاتەدا نەدەهات، ئەبوبەکر وتی: هاتنی پێغەمبەر( صلی اللە علیەو سلم) لەم کاتەدا بێ هۆ نییە دیارە شتێك ڕوویداوە، پاشان پێغەمبەر( صلی اللە علیەو سلم) دانیشت و وتی: خوای گەورە مۆڵەتی بە کۆچکردن پێداوم، ئایا هاوڕێیم دەکەی؟ خاتوو عائیشە دەڵێ: بە خوا نەمزانی بوو کەس لە خۆشیدا دەگری تا ئەو رۆژە ئەبوبەکرم بینی لە خۆشیدا دەستی بە گریان کرد، ئەبوبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بۆ ئەم کۆچکردنەمان دوو وڵاخم ئامادەکردووە، پاشان (عبداللە بن اریقط) یان بە کرێ گرت تا چاوساغییان بکاو ڕێگایان پیشانبدا.

## کۆچی پێغەمبەر( صلى الله عليەو سلم) بۆ مەدینە

خوای گەورە شەوێك فەرمانیدا بە پێغەمبەر( صلى الله عليەو سلم) تا بۆ مەدینە کۆچ بکات، پێغەمبەریش( صلى الله عليەو سلم) (عەلی) ئاگادارکرد کە لە جێگاکەیدا بخەوێ تا کافرەکان وابزانن ئەوە موحەممەدەو لەماڵەوە نووستووە، هەروەها راشیسپارد کە ئامانەتەکانی خەڵکی دوای رۆیشتنی پێغەمبەر(صلى الله عليەو سلم) بداتەوە بە خاوەنەکانی ـ چونکە لەبەر ئەمینی و دەستپاکی زۆر لە خەڵکی ئامانەتیان لای پێغەمبەر( صلى الله عليەو سلم) دانابوو ـ، ئەوسا عەلی خۆیشی بۆ مەدینە کۆچ بکات.

پاشان پێغەمبەر(صلى الله عليەو سلم) چوو بۆ ماڵی ئەبوبەکرو لەوێوە بڕیاریاندا کۆچبکەن و سەرەتا بۆ رێ ونکردن و خۆشاردنەوە لە قوڕەیشییەکان بەرەو ئەشکەوتی( ثور) بەڕێکەوتن.

قوڕەیشییەکان بەردەوام چاودێریی ماڵی پێغەمبەریان دەکرد، کە بینییان بەیانییەکەی عەلی لە ماڵی پێغەمبەر(صلى الله عليەو سلم) هاتە دەرەوە سەریان سوڕماو لە عەلییان پرسی: کوا موحەممەد؟ ئەویش وتی: نازانم، پاشان چوون بۆ ماڵی ئەبوبەکر، بینییان ئەویش لەوێ نییە، پرسیاریان لە(أسماء)ی کچی ئەبوبەکر کرد: کوا باوکت و موحەممەد؟ ئەویش وتی: نازانم، ئیتر

ئەبوجەهل لە تورەییدا شەقازلەیەکی توندی لە ئەسماءداو گوارەکەی لە گوێ پەڕاند.

ئەبوبەکر(خوا لێی رازیبێ) پێش کۆچکردن(عبداللە)ی کوڕی راسپاردبوو بە رۆژ لەناو قورەیشییەکانا گوێبیستی هەواڵ ببێ و ئێواران بێت بۆ لایان و هەواڵەکان چیبێ بۆیان بهێنێ، هەروەها(عامر بن فهیره)ی شوانی خۆی ئاگادارکرد کە بە رۆژ شوانیی بکات و ئێواران رانەکەی ببات بۆ لای ئەشکەوتەکە بۆ شیر دۆشین، دوایش رانەکە بە شوێن پێی عبداللە دا ببات و شوێن پێی بکوژێنێتەوە، بەم جۆرە ٣ رۆژ لەناو ئەو شکەوتەکەدا مانەوە، هەر لەو ئەشکەوتەشدا مارێك دای بە ئەبوبەکرەوە، عومەر(خوا لێی رازیبێ) دەڵێت: شوێنەواری ئەو ژەهری مارە لە سەرە مەرگدا بۆ ئەبوبەکر گەڕایەوەو بووە هۆی مردنی(خوا لێی رازیبێ).

## گەڕان بە شوێن پێغەمبەردا( صلى الله عليەو سلم)

کاتێك قورەیشییەکان زانییان پێغەمبەرو ئەبوبەکر لە دەستیان دەربازبوون مەترسییان لێنیشت و بەشوێنیاندا کەوتنە گەڕان، بە هەموو لایەکیشدا خەڵکیان بە شوێندا دەناردن، بڕیارێکیشیان دەرکرد ١٠٠ وشتر خەڵاتی ئەو کەسەبێ کە بتوانێ دەستگیریان بکات یان بیانکوژێ، هەندێ لە کافران بە شوێنەواریاندا رۆیشتن و بەلای ئەشکەوتەکە دا تێپەڕین و چوونە بەر دەمی

ئەشکەوتەکە، بەڵام خوای گەورە پێغەمبەرو ئەبوبەکری پاراست، ئەبوبەکر(خوا لێی رازیبێ) لەتاو پێغەمبەر( صلی الله علیەو سلم) مەترسی لێنیشت و خەم دایگرت و بە پێغەمبەری وت: ئەگەر بێتو سەیری قاچی خۆیان بکەن ئێمە ئەبینن. پێغەمبەریش( صلی الله علیەو سلم) پێی وت: مەترسە خوامان لەگەڵە، رات چۆنە دەربارەی دوو کەس خوای گەورە سێیەمیان بێت؟

لە رۆژی سێیەمدا دوای ئەوەی قورەیشییەکان بێ هیوابوون لە دۆزینەوەیان، (عبداللە)ی چاوساغی رێگایان بە ٣ وشترەوە هات بۆ لایان، هەروەها (عامر)ی شوانی ئەبوبەکریش لەگەڵیاندا هات تا لە کۆچەکەیانا خزمەتیان بکات و لە دوای ئەبوبەکرەوە سواری وشترەکە بوو، پێغەمبەری خوا(صلی الله علیەو سلم) لەگەڵ ئەبوبەکرو عبداللە و عامردا بە رێگایەکی کۆنی کوێرە رێدا بە شارەزایی عبداللە بەرەو مەدینە لە خۆرئاوای مەککەوە بە کەناری دەریای سووردا بەرێکەوتن، تەمەنی پێغەمبەریش ئەو کاتە ٥٣ساڵ بوو.

## پاراستنی خوا بۆ پێغەمبەر( صلی الله علیەو سلم)

پیاوێکی قوڕەیشی بێئاگا لە سەفەر بۆ مەککە ئەگەڕایەوە، لە رێدا چاوی کەوت بە پێغەمبەرو هاوڕێیانی، کە گەڕایەوە بۆ مەککەو هەواڵی زانی وتی: من لە رۆخی دەریادا تارمایی چەند کەسێکم بینی تێئەپەڕین، وابزانم موحەممەدو هاوڕێکانی بوون بەرەو( یثرب) ئەڕۆیشتن. کابرایەك بە ناوی(سراقة بن مالك) گوێی لەم قسەیە بوو کەوتە دڵییەوە کە ئەوان بن، بەڵام بۆ ئەوەی بەخششەکە تەنها بۆ خۆی بێ و کەسیتر نەچێ بە دوایاندا بە نهێنی گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو خۆی چەکدارکردو سواری وڵاخەکەی بوو، بە شوێنیاندا بەو رێگایەدا کە کابرا باسی کرد بەڕێ کەوت.

پێغەمبەرو هاوڕێیانی بینییان سووراقە بەرەو ڕوویان دێت بەڵام کە نزیك بووەوە لێیان، وڵاخەکەی گلاو سووراقەی خست و لە زەویدا گەوزاندی، سووراقە لەتاو پاداشتەکەی قوڕەیش ئاگای لە خۆی نەمابوو بۆیە خێرا جارێکیتر کەوتە کوتانی وڵاخەکەی و بەرەو ڕوویان رۆیشت، بەڵام ئەمجارەیان وڵاخەکەی سووراقە خراپتر گلاو هەتا ئەژنۆی چوو بەزەویداو سووراقەی بە جۆرێك فڕێدا خەریك بوو ملی بشکێت، سووراقە زانی هەوڵی بێسوودەو ئەمە موعجیزەیە، کەوتە دڵیشیەوە کە رۆژێك دێت ئەمانە هەر سەردەکەون بۆیە داوای ئامانەتنامەیەکی لێکردن، پێغەمبەریش فرمانی کرد بۆی بنووسن و دایانێ، سووراقە گەڕایەوەو لە ڕێگا تووشی هەرکەس دەبوو سەری لێ دەشێوانن و دەیگێڕانەوە.

## یەکەم مزگەوت لە مێژووی ئیسلامدا

پاش چەند رۆژێك لە رۆیشتن پێغەمبەرو هاورێیانی گەیشتنە( قوباء) کە ٦ میل لە مەدینەوە دوورە، کۆمەڵێك لە هاوەڵە بە رێزەکانیش بە چەکەوە لەوێ پێشوازییان لێکردو پێغەمبەری خوا ٤ رۆژ لە میوانداری هۆزی(عمر بن عوف) لە قوباء مایەوە.

لەم ماوەیەدا پێغەمبەر(صلی الله علیەو سلم) یەکەم مزگەوتی لە ئیسلامدا دروست کرد کە ناونرا (مزگەوتی قوباء یان مزگەوتی تەقوا)، هەر لەم ماوەیەشدا عەلی(خوا لێی رازیبێ) بەرەو مەدینە کۆچیکردو مەککەی بەجێهێشت.

## پێغەمبەر دەگاتە مەدینە( یثرب)

پاشان پێغەمبەر( صلی الله علیەو سلم) بەرەو مەدینە کەوتە رێ و خەڵکی ناو شار هەموو هاتبوونە دەرەوەو بەخۆشییەوە سەیری پێغەمبەری خۆشەویستیان دەکرد، هەموو خاوەن ماڵێك داوایان لە پێغەمبەر دەکرد کە ببێتە میوانی ئەوان، بەڵام پێغەمبەری خوا (صلی الله علیەو سلم) نەچووە ماڵی کەس و بڕیاریدا مزگەوت دروست بکەن و ماڵەکەشی هەر لەو جێیەدا بێ، بۆ ئەو مەبەستەش شوێنێك کە کەوتبووە بەردەم ماڵی(أبو ایوب

الأنصاری) هەڵبژێردرا، پێغەمبەریش(صلی الله علیەو سلم) وتی: ئەگەر خوا بیەوێ ئەمە مزگەوت و جێگامان دەبێ.

پێغەمبەرو هاوەڵانی مزگەوتیان دروست کرد بە شێوەیەکی زۆر ساکار، هەروەها ماڵەکەشیان لە بەردو خشت دروستکردو سەری سەقفەکەشیان بە پەلکە دارخورما گرت. ئەو ماوەیەش پێغەمبەر(صلی الله علیەو سلم) لە ماڵی ئەبو ئەیوب مایەوەو میوانی ئەو بوو.

پاشان پێغەمبەر ناردی بە شوێن خێزانەکەیداو عبداللەی کوڕی ئەبوبەکر هەموویانی لەگەڵ مناڵەکانی ئەبوبەکر دا هێنا بۆ مەدینە، تەنها زەینەبی کچی پێغەمبەر نەبێ کە مێردەکەی نەیهێشت و نەیدایەوە.

## برایەتی ئیسلامی

لە سەرەتای کۆچدا لە مەدینە چەند تیرەو کۆمەڵێك هەبوون، پشتیوانەکان: ئەو خەڵکەی مەدینە بوون کە مسوڵمان ببوون و لە دوو تیرەی ئەوس و خەزرەج'ی دوژمن بەیەك پێکهاتبوون، کۆچەرییەکانیش: ئەو مسوڵمانانەی مەککە بوون کە بەنهێنی بۆ مەدینە هاتبوونو هەرچیشیان هەبوو لە مەککەدا بەجێ مابوو بۆیە هەموو هەژار کەوتبوون، جولەکەکانیش: چەند تیرەیەك بوون (بنو قینقاع)و(بنو قریظه) کە نزیکی یەك بوون هەروەها(

بنو نضیر) لە باکووری مەدینەو جولەکەکانی(خەیبەر)، بتپەرستەکانیش: ئەو خەڵکەی مەدینە بوون کە هێشتا مسوڵمان نەبوون و بە کافری مابوونەوە. بۆیە دەبوو پێغەمبەر ئەم بارە پەرتەوازەیەی شاری مەدینەی رێکبخستایەو کۆمەڵێکی یەکگرتوو دروست بکات، یەکەم کارێکیش چاکردنی حاڵی کۆچەرییەکان بوو.

پێغەمبەر هەستا بە دامەزراندنی برایەتیەکی ئیسلامی کە بریتی بوو لەوەی مسوڵمانێکی کۆچەری و مسوڵمانێکی پشتیوان دەبوونە برا لە هەموو بوارەکاندا، ئەم برایەتییەش لە ساڵی یەکەمی کۆچیدا لە ماڵی( أنس بن مالك) سەرەتا لە نێوان ٩٠ پیاودا ٤٥ کۆچەری و ٤٥ پشتیواندا دامەزرا، تا وای لێهات هیچ کەسێك نەما لەم دوو بەرەیە پێغەمبەری خوا نەیکردبن بە برای یەك.

پێشوازیکردنی پشتیوانان لەم برایەتییە زیاتر لە خەیاڵ دەچێ وەك لە ڕاستی، بۆ نموونە کاتێك(عبدالرحمن بن عوف) گەیشتە مەدینە، پێغەمبەر(صلی اللە علیەو سلم) برایەتی خستە نێوان ئەو و (سعد بن الربیع الأنصاری) یەوە ، سەعد بە(عبدالرحمن) ی وت: برا من لە هەموو یاریدەدەرەکان دەوڵەمەندترم، ماڵەکەم دەکەم بە دوو بەشەوە، هەریەکەمان بەشێکی، دوو ژنیشم هەیە سەیریانکە کامیانت بەدڵە با تەڵاقی بدەم، عبدالرحمن وتی: خوای گەورە فەرو بەرەکەت بخاتە ماڵ و خێزانتەوە، بازاڕەکەتان

لە کوێیە؟ ئەوانیش بازاڕیان پیشانداو دەستی کرد بە کڕین و فرۆشتن و دەوڵەمەند بوو، دواتر ژنێکیشی لە پشتیوانان هێنا.

هەروەها ئەبوبەکرو عومەرو عەلی و زۆریتر لە هاوەڵان لە زەوی مەدینەییەکاندا کشتوکاڵیان دەکردو نەیان دەویست بەسەر خەڵکەوە بژین.

بەم پێیە پێغەمبەری خوا توانی دڵەکان یەك بخات و گیروگرفتی ئابووری چارەسەر بکاو یەکیەتییەکی بێ وێنە لەناو باوەڕدارانا پێکبهێنێ. مسوڵمانە کۆچەرییەکان و پشتیوانەکانیش لاپەڕەیەکیان لە مەردایەتی و جوامێری تۆمارکرد کە لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوەو بەوەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.

## پەیمان لەگەڵ جوولەکە

پاشان پێغەمبەر(صلی الله علیەو سلم) پەیمانێکی لە نێوان مسوڵمانان و جولەکەکاندا بەست بەوەش زیاتر یەکیەتی نێوان مسوڵمانان چەسپاو بوونە یەك میللەتی یەکگرتوو.

بەم پەیمانەو بە یەکیەتی نێوان مسوڵمانان پێغەمبەر توانی باری مەدینە ئارام بکاتەوەو شەڕوشۆڕ نەهێڵێ و مسوڵمانان بە

دڵنیایی و بەبێ ترس ئەرکانەکانی ئایینەکەیان بەجێ بهێنن و لە پاشەڕۆژی بیروباوەڕەکەشیان نەترسن.

سەرچاوە: سایتی دەنگی ئیسلام www.dangiislam.org